ناو
و
نازناوو ناوو ناتۆرەو
ناودەرکردن
و
ساناکردنی ناو
لە ناو زمانو لە لای گەلی ئێمەدا



محمود زامدار .

کورتە پێشەکی‌یەك

* لێ‌تۆژینەوەی وردو لە بارو زانستیانەی ، بارە مێژوویی‌و کۆمەلایەتی‌و رۆشنبیری‌و زمانەوانی‌ی‌یەکانی هەر نەتەوەیەك کارێکی یەجگار گرینگ‌و بایەخدارو مەزنە ، چ بۆ ناسینی خودو خەون‌و ئاوات‌و کەسایەتی ئەو نەتەوەیە – لە مێژووی دێرینەو هاوچەرخ‌و نوێ‌ی‌دا – چ بۆ دەسنیشانکردنی رەوت‌و پاشەرۆژی ئەو نەتەوەیە . .

ئەوەی لە لای سەر لە بەری زاناو کۆمەلناسە ژیرەکانیشدا زانرابێت ئەوەیە کە : مەسەلەی ناوو ناولێنان‌و نازناوو ناوو ناتۆرە ، سەر بە گەلی پێوانەی کۆمەلایەتی‌و میتۆلۆژی‌و ئاینی‌و جوغرافی‌و سێکسی‌و زمانەوانییەوەیەو وەگیرەو پەیدا بوونیشیان بە گەلی کارەسات‌و روداوو بۆنەی تایبەتی‌و سەرگوزشتەی دیاربکراوەوە بەندەوگەر بێت‌و بە وردی لێ‌ی بکۆلرێتەوە ، گەلی بابەتی بە پێزو سەیرو دەگمەن‌و دێرا کێشەری بە کەلکی ، بۆ لێکۆلینەوەی واقیعی ئابوری‌و کۆمەلایەتی‌و میتافیزیکی‌و سایکۆلۆژی لە لای ئەو گەلانەدا لێ‌ی ئەکەوێت‌و روون ئەبێتەوە . . لە هەمان کاتیشا پەردەی قۆناغە جیاجیاکانی ئەو ناوانە سەرەنداز ئەکاتەوە . . ئەوەی شایان بێت‌و لێرەدا پەنجەنوما بکرێت ئەوەیە کە : دەلالەتی (لەفزی)ی دەوری خۆی لە بواری بە کارهێنان‌و گونجانی لەگەل واقیعی سایکۆلۆژی نەتەوەدا ئەگێرێت‌و ئەبێ بە رەمزێکی رەها ، بۆ مرۆڤ‌و بۆ ئاوات‌و ئارەزوو ئەلهای شارستانی‌و پاشە رۆژی ئەو مرۆڤە . . بێگومان هەیکەلی گشتی رۆشنبیری‌ی‌و ژیاری‌ی‌و ئاینییش ، دەورێکی دیار لەم بوارەدا ئەنوێنێ . .

* گەلی ئێمەی کوردیش ، زمانی پاراوی ئێمەیش ، ئەگەرچی هەزاران جەزرەبەی زەمانەشی دیوەو تالاوی گەلی تالەژانیشی چەشتوە ، بەلام رووی پاکی خۆی لە شارستانێتی مرۆڤایەتی سەرکێشا ، وەرنەگێراوەو لە قاوغەی تەنگەبەردا کروشکەی نەبەستوە ، بەلکو بەردەوام لە ئال‌و گۆردا بووەو گرەوی مان‌و بوونی خۆی لە دەس زەمانە بردۆتەوە . .

تاقە ئاوردانەوەیەکی قۆچاخانە ، بە سەر ئەم باسەی منا ، ئەم

راستی‌یە ئاشکراترو ڕەهاتر ئەکات ، راستی‌ی (دانو وەرگرتن)و (تێکچڕژانو بەخشش)ی بەردەوام . . نەخوازەللا لە بواری ناولێنانو نازناوو ناوو ناتۆرەو سانکردندا ، بە پی‌ی گراماتیکی زمانو چێژی شاعیرانەی خۆی‌و بە تێرو تەسەلی‌ی دیالێکتەکانی ، چی لی‌ ئەکاتو چۆنی بۆ ئەڕوات . . لە هەمان کاتا ئەوەیش ساغ ئەکاتەوە کە : (کورد) نەتەوەیەو هەمووی ڕەگوماکو بنکەو بنەمای نەتەوەیەکی سەر ڕاستی نێو ئەم ڕۆژهەڵاتەی تێدایە . .

* بە ڕاستی : ناوی تایبەتی کوردی ، زۆر تەنیاو بەنگینو زۆریش تایبەتی‌یە بە خۆی . . هەرچەندەیش لە هۆزێکەوە بۆ هۆزی‌ ، لە دەستەبەندێکەوە بۆ دەستەبەندی‌ ، لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی‌ترو لە ئەنجامی لێکدانەوەی زمانناسی‌و فەلسەفەیی‌و شێوە زمانە جوی‌ جوێکانەوە ئەگۆڕێتو جی‌گۆرکی‌ ئەکات ، بەلام هەرخودو ئادگارو خاسیەتە کوردانەکەی خۆی نادۆڕێنی‌ . .

بێگومان ئەم جیاییەش لە ئەنجامی پلەو پایەی سەرکەوتنو گۆڕرانو گەشەسەندنی مێژوویی‌و شارستانیا ، سەری هەڵداوەو بە ئەوەوە بەندە ، بۆیە ئەبێنی (ناو) لە شارستان جۆرێکو لە دەورو بەری گۆلو ڕووبارەکانا چەشنێکو لە پێدەشتو نێو شاخو بنارشاخو چڕە دارستانەکانا بە ڕەنگێکی‌تر ، خۆی وەدەرئەخا . . هەندی‌ (ناو) هەیە لێکدراوەو هەندی‌ تاکەو هەندی‌ ئایینی‌و هەندی‌ بۆ شوێنو هەندی‌ بۆ کاتو هەندی‌ بۆ هیوایەکو هەندی‌ بۆ خەوبینینو خۆشییەکو هەندی‌ وەکو ئاوەڵناو سیفەتو هەندی‌ بۆ نزاودوعاو چاوەزار بە کاردێت .

ئەم باسەی ئێرەیش ، تا ئێستا دەستی لی‌نەدراوەو دەقومۆری نەشکاوە . مەگەر نالێم تەنیا (ناوەکان) ئەمیش – بۆ مەبەستێکی‌تر – وزۆر بە بەر تەسکی‌یەوە لە چەند نامیلکەیەکدا کۆکرابنەوە . . بۆیە بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە ، هەرچەندە بە کەڵکی زمانناسی‌ دی‌ ، ئەوەندەیش فریای کۆمەڵناسو فۆلکلۆریستو مێژوونووسە لێهاتووەکان ، ئەکەوی‌ . .

* مەسەلەی ناولێنانو نازناو و ناتۆرە هەڵبژاردن لە کوردی‌و لە کوردەواری‌دا ، هەر ڕاستەو ڕاست ، سەر بە جۆری فیکرو لێکدانەوەی میللی‌و مێژوویی‌و بنەمای زمانو دیالێکتو چەشنی هەڵکەوتنی قورگو جیرو گیرکردنی دەمو دانو زمانو مەلاشووولووتو فونێتیکی کوردی‌یەوەیە ، کە ئەمیش بە دەوری خۆی ، گری‌ی چەشنی‌ لە چەشنەکانی ژیری‌و وریایی‌و بیرو باری سەرنجو لی‌تۆژینەوەی مرۆڤی ئەم ولاتە ئەکاتەوەو هەموو نەتەوەی کوردیش ئەگرێتە خۆی . . هەر بۆیەشە ئەم جۆرە باسانە ، گەلێ لە زانایانی کۆمەڵو سایکۆلۆژیستو مێژوونووسو زمانناسو فۆلکلۆریستو گرامەرچی‌یەکان پەنای بۆ ئەبەنو گەشترین ڕۆژانی تەمەنیان . لە ژوانیا بە سەر ئەبەن . .

* هەر بۆ زیاتر سەرنج ڕاکێشانیش ، ئەبی‌ لێرەدا پەنجە بۆ تۆتەمیزم (ToTem) رابکێشرێت ، کە کوردی ئێمە ، ئەم قۆناغو تۆتەمیزمەی زانیوەو بەم قۆناغەدا ڕەتبووە ، هەر وەك چۆن لە نێو ناوو نازناوەکانی ئەم باسەدا خۆی نواندوە .

تۆتەمیزم – الطوطمیة – لە بنجا بۆ خێڵە کەودەنەکانی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا بە کارهاتووەو زاراوەیەکی هیندی‌یە سوورەکانی ئەمەریکای باکوورە . . دروشمێکە بۆ بنەماڵەیەك ، یا بۆ خێڵێکی کەودەنو پەتیارەی سەر بە دایكو ناوی خۆیان بەو دروشمەوە ناوزەد دەکەن . . وا ئەبی‌ ئەو دروشمە ، زیندەوەری‌ ، یا ئاژەڵی بێت ، یا باڵندەو فرندەو ڕووەکێك ، یا درەختو بەردێك وقسنێك . . . وایش ئەبی‌ ئەو دروشمە ، بە پەیکەرێك یا بەنەقشو نیگاری پلەبەردی‌ یا سماتە بەردی‌ بنوێنرێت ، یا بە نیگارێکی ڕەنگاو ڕەنگی سەر تەختەدارو پاتاڵو شوشە بەندێك ڕەنگ برێژرێت . . وا ئەبی‌ ئەو دروشمانە یا بە (خوا) و یا بە (نیمچەخوا) بناسرێت ، بەلام خواییکەو هێزی خوڵقاندنو داهێنانی کەمەو دەسەلاتی بە سەر ئادەمیزادا ناشکێت ، بەڵکو دروشمێکە وەك (چاوەزار) بە کار ئەهێنرێت ، خۆگەر هاتو لە شەرو مەرگەساتو نەخۆشی نەیپاراستن ، ئەوا یا ئەیکوژن یا ئەیشکێننو یا ئەیخۆنو یانیش پشت گوی‌ی ئەخەنو لی‌ی لا تەریك ئەبن . . بە مەیش (تۆتەمیزم) ئەبی‌ بە نموونەی کۆمەڵگەیەکی بچووکی تیرە یا خێڵ . . !

* ئەمە لە سوچێكو لە سەر سوچێکی‌ترەوە ، ئاینەکانو بە تایبەتی ئایینی موسڵمانەتی ، هۆیەکی هەرە بە هێز بووە بۆ بلاوکردنەوەی زمانی بەرگوشادی عەرەبی ، لەنێو میللەتە موسڵمانەکانی غەیرەز عەرەب ، هەر لە گینیاو ئەرتیریاوە بگرە ، تا دەگەیتە عەجەمستانو گورجستانو تازبکستانو هەموو ئەو شوێنانەی کە ئیسلامەتی ڕووی تی‌کردبێتو ڕەگاژۆبووبێت ، بە کارهێنراوە . . بەلام گەلێ لەو کەرەستەو ناوو زاراوو وشە عەرەبیانە – بە تایبەتی ناوەکان – بە پی‌ی زەوقی زمانو گرامەری ئەو میللەتانە گۆڕراونو تێك شکاون . . . ! ئەمەو سەرباری کارتێکردنی فیکری میترایی‌و بوزی‌و زەردەشتی‌و تەوراتو ئینجیل ، بە سەر واقیعی کۆمەڵایەتی‌و میتافیزیکی ئەو گەلانە ، کە نەتەوەی کوردیش دانەیەکەلەو زنجیرەیە . . سەرەڕای ئەم دیاردە ئاینی‌یەش . . گەلەکان . لە نێو

خۆیانیش‌دا کاریان لە یەکتری کردوەو لەم بوارەدا ئاڵوگۆڕێکی زۆرو بە گەڵێ چەشن کراوە.

* لە ئەنجاما: من ئەزانم ئەم باسەی من، ئەوەندە قووڵ نیەو پێویستیەکی زۆری بە پشکنین‌و دانیشتن‌و گەڕان‌و سوڕان هەیەو ئەوەیش نیە تا زۆر خۆمی پێوە رانێم، بۆیە چاوەنوارم ئێوەی شارەزا، لە بارتری بکەن، تا ئەمەی منیش بێ بە بەشێ، بە زنجیرەێ، لە زنجیرەکانی لێکۆڵینەوەی زمان‌و مێژوو کۆمەڵی کوردستانی راچەنیو...!

بە شێوەیەکی تایبەتی

لە شارستان

١ - ناوی ئاینی

أ - ئەو ناوانەی بە پاشگری (الله)وە دوایان دێ، وەك:
(نعمة الله - عبدالله - عطاالله - رحمة الله - عبیدالله ...)

ب - ئەوانەی ناوەکانی تری (خوا) یان هەڵگرتووە، وەکو:
(عبدالستار - عبدالغفور - عبدالحمید - عبدالحمید - عبدالوهاب -عبدالجبار - عبدالخالق - عبد المؤمن - عبدالرجمن ...)

جـ - ئەو ناوانەی کە ناوی پێغەمبەرانیان بە بالا براوە. وەکو:
(محمد - احمد - ابراهیم - یوسف - زکریا - خضر - الیاس - صالح - عوزێر - داوود - موسا - سلیمان - عیسا - ادریس - یونس - ذوالنون ...)

د - ئەو ناوانەی کە بە وشەو پاشگری (الدین) پایە دۆست ئەبێ، وەکو:
(بهاء الدین - عزالدین - صلاح‌الدین - علاء‌الدین - شمس‌الدین - جمال‌الدین ...)

٢ - ناوی مێژوویی

أ - ناوە عەرەبیەکان وەکو:
(ابو بکر - عمر - حسین - خالد - حیدر - علی - عثمان - حسن - عباس - حمزة - مطلب - ....)

ب - ناوە ئێرانی‌و کوردیەکان، وەکو:
(ئردە شێر - ئەسفەندیار - ئەفراسیاب - بەهمەن - مەزدە - فەرزەند - بەنگین - گیو - ئارش - چەکۆو - خەسرەو - رۆستەم - جەمشید - لەپ‌زێڕین - سیامەند - فەرهاد - سمکۆ - پێشەوا ...)

ج - تورکە عوسمانلیەکان گەڵێ لە ناوە عەرەبیەکانیان وەرگرتووە، با عەرەبیش بە کاری نەهێنا بێ، بە پێی چێژو خاسیەتی زمانەکەی خۆیان، گۆڕیویانەو ئێمەیش - لە کۆن‌و ئێستامان‌دا - لە ئەوانەوە ئەم دیاردەیەمان بۆ ماوەتەوە، وەکو:

١ - (حکمت - رأفت - رفعت - عزت - هیدایت - بهجت - شوکت - نعمت ..)
بۆ نێرینەو چەل‌ناچەلێکیش بۆ مینە بە کارهاتووە.

٢ - (سعاد - سداد - وداد - نهاد - فؤاد ...) بۆ مێینەو چەل نا چەلێکیش بۆ نێرینە بە کارهاتووە.

د - هەر لە سەر هەمان رێڕەو، هەندێ ناوی کەی بە نەژاد عەرەبێ، تورکەکان وەریان گرتووەو بە گوێرەی چێژی کۆمەلایەتی‌و زمانەوانی‌ی خۆیان، چ وەکو (ناو) چ‌وەکو (نازناو) بەکاریان هێناوە، کوردەکەش - لە ئەنجامی گەڵێ هۆی دیاری شارستانی‌و کۆمەلایەتی‌و سیاسی‌یەوە - لاسایی ئەمانی کردوەو بە کاری هێناون وەکو: (حقی - زهدی - رشدی - فهمی - حلمی - عونی - زکی - شوقی - وصفی - فوزی - رمزی - رفقی ..تاد) بەلام ئەبێ ئەوە لەبەر چاوبێ کە ئەم (ێ)یەبە هیچ جۆرێ بۆ نیسبەت‌و دانە پاڵ نیە هەروا ئەمانە زۆر جار ئەبن بەنازناووئە کەونە پێش ناوی وەك:
(محمد - اسماعیل - ....).

هـ - لە کوردستانا - بە تایباتی لە چاخی عوسمانلی‌و سەفەوی‌و قاجاریاندا - لە لایەن شاو سوڵتانەوە گەڵێ نازناو بە کوردە دەسەلاتدارەکان دراوە، وەکو:
(چەلەبی - نقیب - خان - پاشا - شازادە - بەگ - ئاغا - سان - پساغا - میر - میری میران - میرزا میرزادە - پس میر[1]) ولەتەك ناوەکانا بە کارهاتوون، یا کوردەکە خۆی بۆی داتاشیوە، یا لە (نازناو)وە کردویەتی بە ناوو بەکاری هێناوە.

٣ - ناوی نوێ

أ - ناوی عەرەبی (بۆ نێرینەو مێینە) وەکو: (ابتسام - نجاح - سمیرة - حریة - أمل - نوال - لائقة - خالدة - رائدة - عایدة - لیلی - جمیلە - شادیە - سامیە - سهام - طارق - عاصم - ناصر- سلام - وسام - فائز -)

ب - ناوی کوردی (بۆ مێینەو نێرینە) وەکو:
(جوان - ئاواز - هەلاڵە - پەخشان - نازدار - نازەنین - شیرین - بەفرین - بەختیار - دڵدار - ئاسۆ - ڤیان - زانا - پشکۆ- بەهرە - شۆخمیر - مزگێن - هاریڤان - دلڤین - زێرەڤان - دڵبرین - دلگەش - گولستان - جوانمێر - هونەر - هیوا - شنە - ناهید[2])

ج - ناوی ئاوروپایی‌و جیهانی (بۆ نیرینەو مێینە) وەکو:

(سۆزان – سیفەر – تسۆفیا – گیڤارا – کاسترۆ – بریجیت – بۆدلێر – نەهرۆ – کامۆ – ئەنجیلا – غاندی – زوربا . . .)

لە دێهات

١ – وشەو ناوی رەق‌و دری گیانلەبەر ، بۆترس‌و سام‌و دوژمن تۆقاندن وەکو : (شێرکۆ – گورگو – جرجۆ – هرچۆ – پڵنگۆ – کتکۆ . . .)

٢ – هەندی وشەو ناولێنانی وا هەیە کە هەندێکی ماناداره‌و هەندێکی هیچ واتایەکی نیە ، بەلام خۆی لە خۆیدا ، نیشانەیەکە بۆ شتی سەیرو پیس‌و لەو تاوو بۆ ناوو ناتۆرە بەکارئەهێنرێ وەکو : (پزێ – کتۆ – بیبۆ – هۆیۆ – حوچۆ – کەمۆ – پەچۆ – خەپێ – قنۆ – قلقۆ – رۆرۆ – ترحۆ . . .)

٣ – وا ئەبێ ، هیچ بایەخێکی ئەوتۆ بە ناو نادەن‌و زۆر جار – وا ئەبێ – منالێ تا منالە ، بە ناوێ بانگی ئەکەن ، کە گەورە بوو ، بە ناوێکی تر ناوی دەبەن . . کە منالە بە (بابە – کاکە – دایە – بەرخۆ – چاوێ – خرپۆ . . .)

کە گەورەش بوو ، خەتی سمێڵی دانا ، یا مەمکی گۆی کرد ، لە پرێکا بە (عەلۆ – عەلەکە – حەسۆ – کالێ – زارێ – محێ . . .) ناوزەدی دەکەن .

٤ – هەندێ ناو هەیە بە هۆی بۆنە کۆمەلایەتیەکانەوە سەرهەلئەدا ، هەر بۆ نمونە لە کاتی کەمالیەکاندا ناوی (حریت – عدالت – مساوات) زۆر باوبوو ، هەروا گەر کابرایەکی کاربەدەست بێتە ناوچەیەك لە ناوچەکانی کوردستانەوە ، وردە وردە ناوەکەی وا باوو بلاو ئەبێ ، زۆر کەس لە خەلکە سادەکە ، ناوی منالەکانیان بە ناوی ئەوەوە ، ناو ئەنێن ، جا با ئەو کابرایە ناوەکەیشی کوردی نەبێ ، ئەمەیان بە لاوە گرینگ نیە هەروا بۆنەو کارەساتی جگەربر ، گەلێ جار ئەبێتە مایەی پەیدابوونی جۆرە ناوێك . جا ئەو ناوە چ بۆ بەرگەگرتن بێت ، یا مانای هەناسە ساردی‌و یادی ناخۆش بخاتەوە بیر ، وەك : (ئەژین – فەهێل – نیوار – چەتۆ – ژیمان – سەرکەوت – وارهێل – مژوار – . . . تاد)

٥ – هەندێ ناو یا نازناو هەیە ، بە هۆی بۆنە مێژوویی‌و سیاسییەکانەوە بلاوئەبێتەوە ، وەکو (جەنگی) لە کاتی شەرو ئاشوب‌و هەرادا ، ئاوایش ناوو نازناوی (شۆرش – حربی – ئادار – پێشەوا – پیران – جەنگاوەر – غاندی – ماشێن – زرێ – ساروخ . . .)

٦ – هەندێ ناو هەیە ، بۆنە ئاینی‌یەکان بە دەستاوێژێکی کەی ناولێنان لە دێهات‌و هەروا لە شارستانی کوردستاندا دوورستی ئەکات ، وەکو :

(رەمەزان – حاجی – جمعة – محرم – شعبان – عیدۆ – هەینی – جەژنی – رجەب – . . .)

٧ – هەندێ ناوی وا هەیە ، کە تەنیا رێککەوت دوورستی ئەکات . . گریمان وا ئەبێ کابرایەك لە کاتی ژان وژووری ژن‌و منالێ بووندا ، ژنەکەی منالێکی ئەبێ – کور بێ یا کچ – لەو دەمەدا چاوی بە هەرچیی‌و گوێی لە هەر چیی بێ ، بەو ناوە ناوزەدی ئەکا . لە دوایی‌دا ، ئەشێ بیگۆڕێ – بەلام ئەم دیاردەیە زۆر کەمە – وەکو :

(ژوورژوو – ئاسکە – تەپالە – پشقلێ – چنار – دۆشاو . . .)

٨ – هەندێ ناوی وا هەیە ، بە ناوی ئەستێرەکانە ناو ئەنرێن . وەکو زوربەی میللەتە کۆنینەو سەرەتاییەکان : وەکو :

(مەهۆ – ئەستێرە – پێروو – ئەختەر – ئافتاو – پەروین – هەتاو – رۆژە – گەلاوێژ . . .)

٩ – هەندێ ناو هەیە – بۆ کورو کچ – تایبەتی‌یە بە ئێزیدی‌یە کوردەکان وەك (گوهدار – کەڤی – مشکۆ – عیدۆ – کرێت – شارێ – پیلێ – شورێ – سیتو – قرپالێ – پیرگرو – شەمۆ – بەلۆ – فەلیت – مەنجۆل – گۆزێ – شەمێ – شۆرۆ – تاد . . .)

بە شێوەیەکی گشتی

ناولێنیان لە زمانی کوردی‌دا

١ – ناوی عەرەبی‌و فارسی‌و تورکی‌و عیبری ، وەکو :
(محمود – فەرەیدون – ئۆغز – نوح – ابراهیم – اصلان – ارسلان – نزار – علی – بەهمەن – میکایل . . .)

٢ – ئەو ناوانەی کە سیفەتێ ئەگرنە خۆ ، کە بە تێکرایی سیفەت‌و خاسیەتی باشن ، بەلام لە چەند سیفەتێکی تری (سلبی) بە دەرنین‌و بێ مەبەستیش نین ، وەکو :
لاو چاك – سوارە – چەلەنگ – هۆشەنگ – دلێر – پێشرەو . . .)

٣ – هەندێ نازناوو ناوی وا هەیە ، واتای خراپەکاری‌و چاوسوورکردنەوە ئەداتە دەست ، بەلام چاوسوورکردنەوەیەك لەگەل دوژمن‌و بۆ دوژمن ، هەر دوژمنی بێت ، وەکو :
(دلرەق – درێ – پەتیارە – کەودەن – درندە . . .)

٤ – ناوی ئاژەل‌و گیانلەبەر ، وەکو :
مامر – مشکۆ – شێرە – سیخوڕ – گیسکە – بەراز – ئاسکە

- قومری - سوێسکه - پەرەسێلکه - شاهۆ - هەڵۆ - کەوێ -
بازێ - شاهین - سمۆره . . . تاد) هەروا گەلێ جاریش وەك
نازناوێ بەکار ئەهێنرێ .

٥ - ناوی گوڵ‌و گژو گیاو روەك - ئەمەیان پتر بۆ کچ بەکاردێ -
وەکو :

(هەرمێ - نێرگز - رەزێ - سەرگوڵ - شەمامە - مێخك -
چرۆ - هێرۆ - وەنەوشە - گوڵێ - گێلاس - گەزیزه - شلێر -
هێشوو - گوڵان - گوڵچین - گوڵناز - شیلان - رێواس - نەمام -
بەهێ - خەرامان - بەرەزا - چنار - خۆخێ - ژاڵە - چنوور -
سێوێ . . . تاد)

٦ - ناوی کات : وەکو :

(هەینی - ساڵۆ - بەیان - سپیده - خەزان - رۆژێ - نەورۆز
- شەوێ - بەهار - رۆژگار - زفستان . . .)

٧ - ناوی جێگا : وەکو :

(ئاسۆس - ئەزمەر - بێستون - هەڵگورد - بۆتان - ئەردەڵان -
چیا - دەرسیم - زۆزك - سیروان - زاگرۆس - سەفین - نیشتمان -
مەریوان - هەندرێن - سیپان - سەیوان - هەورامان - ئەرارات
- بێخاڵ - کوردستان - مەهاباد[3])

٨ - نازناوو خێڵ‌و خانەوادەو بەرەباب‌و ناوچەو کۆلان‌و رەگەز ،
وەکو :

(دۆسکی - زێباری - شێروانی - جاف - مزوری - شوان -
مەنگوری - هەمەوەندی - هەکاری- کانێسکانی - جزیری -
بادینانی - شاربازێری - کەرکووکی - شارەزووری - شۆربجەیی -
گرگاشی - بندیان - بابان - شاکەلی - دێلێژەیی - دیاربەکری -
ئامێدی - خانەقینی - موکریانی - هەمدانی - ساڵەیی - حەیدەری
- ئاکرەیی - حاجی‌نەبی - جەلی‌زاده - بەدرخانی - گەراوی -
قزڵجەیی - کۆکۆیی - کلاوقووت - بۆسکانی[4]) .

٩ - نازناوو ناوی رەگەزی بانی ئێرانی ، وەکو :

(دارا - ئەفراسیاب - رۆستەم - گورگین - گۆدرز - زۆراب
- ئەردەشێر - نۆشیرەوان - ئەسفەندیار . . .)

١٠ - نازناوو ناوی سەر بە پیشەو کار ، وەکو :

(شوفێر - خەزنەدار - چاوەش - بێریڤان - کلاشکه -
کلاشچن - باشبۆزغ - دەهۆلکوت - زورناژەن - ئاشەڤان -
ئاسنگەر - جوتیار - عەلەمدار - باغەوان - سەوزەفرۆش -
کرێکار - وەرزێر - قەزوانفرۆش - سەبزەچی . . .) .

١١ - نازناوو ناوی سووك‌و چرووك‌و هیچ‌و پووچ ، وەکو :

(کوێره - کەرێ - کەچەڵ - قەموور - گوێبڕاو - خێڵه -
حەپۆل - شوغال - گەمشۆ - گوله - گەره - پنچك - قەشمەری
- چەوەندەر - تۆڵەکه - دەعۆ - نابووت - شێلم - گەلحۆ -
مارمیلۆك . . .)

١٢ - ناوی نوێی عەرەبی‌و کوردی‌و ئاوروپایی :

(سۆزان - سعاد - سیزان - ماجدة - اشواق - ازهار -
مارلین - شەونم - نەسرین - گوڵاڵه - بەفرین - ئاشتی - پاکی -
راستی . . .)

١٣ - ناوی کۆنی پیاوو ژن (رەسەن‌و کوردی) :

(زارێ - خانەگوڵ - مینا - بەگیسی - بەهزاد - مەنیژه -
دڵبەر - ئەستی - باوەیس - چەتۆ - خوداداد - جیهانبەخش -
گەزۆ - وەیسی - پیربال - پیرۆت - خواده - خورشید - بایز -
فریاد - پیرۆز - شاناز - رەعنا - کلاوزەر - بیژەن - لەعلی -
زێرین - پەریخان - گوڵێزار - پەریزاد - چراخان - حەلاو - بەسێ
- تەمەر - خانێ - تێلی - لەعلیخان - هەسەم - سیابەند -
کاکەمەم - خاتوزین - گوڵخەندان - گوندێ - خانزاد -
گوڵناز . . .)

١٤ - نازناوو ناوی سروشت ، وەکو : (کەپکێ - یالێ - مله
- گەردن - بەردێ - دۆڵێ - روبار - جەنگەڵ - بۆران[5]) .

١٥ - ناوی ئەوشتانەی کە مرۆڤی کورد بەکاری ئەهێنی‌و لە لایدا
جۆره نرخێکی هەیه وەکو :

(داسولکه - قەڵانگك - خەنجەر - قەیناغ - بفر - مەنجەڵ -
تفەنگ - شمشێر - کەوان - کوتەك . . .)

١٦ - ناوی رەنگ‌و سیفەتی ئەندام‌و لەش ، وەکو : (رەشۆ -
کاڵێ - بۆرێ - بۆزێ - سورێ - مۆرێ - چاوبەلەك - شینه -
زەردێ - سەوزه - سوورەگوڵ - گوڵەندام - چاوکاڵ - چاوشین
- ئەسمەرێ . . .)

١٧ - ناوی مەعنەوی‌و سایکۆلۆژی ، وەکو :

(کسپه - ئارام - هەدار - چریه - شاپەری - بلیمەت - راز
- سۆزێ - پەری - ئارەزوو - ئامانج - نەمر - بەرزی - یار -
سایه - ناز - کڵپه - راستی - تەنیا - مژده - مەنگۆ - زیندوو -
هیوا - ئۆخەی - بەسته - بەهەشت . . .)

١٨ - ئەو ناوانەی کە لە سیفەتەوە سەرهەڵئەدەن ، وەکو :

شەرمین : لە شەرمەوه
بەفرین : لە بەفرەوه
خوناو : لە ئاونگەوه

شۆڕێ : لە شل‌و ملی‌یەوە
لەنجە : لە نازو لارەوە
ناسك : لە شەنگی‌یەوە . . .

١٩ – ناوی روناکی‌و ئەستێرەکان ، وەکو
(مانگێ – ئەستێرە – پرشنگ – ئەختەر – پەروین – خۆرەتاو – رۆژبەیان – گوڵەبەرۆژە – ئافتاو – هەیڤێ – پێروو – گەلاوێژ . . .)

٢٠ – ناوی بە هێزو وشك‌و در (بۆ ترساندن‌و رێزلێگرتن) وەکو : (ئەژدیها – نەهەنگ – بڵند – باهۆ – پاڵەوان – نۆتەغار – تۆلاز – جوامێر – جەنگاوەر – رەشکۆ – سەرۆك – شێرکوژ – قارەمان – هێرش – شێردڵ – وەشتی – هەڵۆ – هەڵدێر – ئەژی – سالار – قەڵغان – سەردار – رەشمار – کەندوبڕ – سەرەخۆرە – دۆبر – فسۆس . . .)

٢١ – ناوو نازناوی رێبازو تەریقەت ، وەکو :
(عەلوی – وسووی – پیرشالیاری – نەقشبەندی – ئەحەیی – ئێزیدی – کۆنەپۆشی – محی‌یی – حەمە سوری – حوسەیی – داسنی – مەولوودی – مەولەوی – رفاعی – قالەیی – مامەرەزایی – وەسمانی – زەردەشتی – قادری . . .)

٢٢ – نازناوو ناوی سێکس (بۆ سیفەت‌و جوێن‌و تانەو تەشەر) وەکو :
(قوزێ – کیرۆ – گونێ – قۆرێ – حیزە – قوزباتمان – قوون‌دەستار – کوزدەر – گاندەر – چاوحیز – . . . .)

٢٣ – زۆرجار ، یا لەبەر نەزانی ، یا لەبەر زێدە خۆشویستن ، سیفەت ئەکەوێتە بەر ناوو ئەبێ بە ناوێکی سەربەخۆ ، وەکو :
(نبی محمد – خلیل ابراهیم . . .)

٢٤ – هەندێ جار ، ماڵێ هەیە ، دوو کچ ، یا دوو ژنی تێدایە (یەك) ناوییان هەیە ، یەکیان (ئامە) ئەوەی کە (هەمین) یەکەم (خەجێ) دووەمین (خەجیج) . . !

٢٥ – گەڵێ جار گەر بەردەوام ژنێك منالی نەوەستێ‌و بمرێ‌و بۆ ئەوەی منالی تازەبووی بمێنی‌و بژێ ، ناوی سەیرسەیری لێ دەنێن وەك : (ئەڵەمان – عەتەم – تاد)

٢٦ – گەڵێ جار بۆ گەڵێ مەبەست ناوی نهێنی بۆ منال بەکار ئەهێنرێت ، کە چی منالەکە ناوێکی‌تری ئاشکرای هەیە .

٢٧ – وا ئەبێ ژنێك منالی نابێ یا راناوەستێ یا بۆ مەبەستی تەمەندرێژی ، دەچێتە لای شێخ یا مەلا یا سەر پیاو چاکێك‌و نەزردەگرێ‌و بە ناوی ئەوەوە یا بە هەڵبژاردنی ئەوەوە منالەکە ناو ئەنرێت .

٢٨ – وا ئەبێ کابرایەك چ لە هەرزەیی‌و چ لە باوکایەتیدا حەز لە یەکێ دەکاو بۆی نالوێ‌و نابێ ، کە ژنەکەی منالی ئەبێ ناوی کچەکەی – گەر کچ بوو – بە ناوی کۆنە دڵخوازەکەی ناوزەد ئەکا . . . دوور نیە ژنەکەشی ئەمە بکا – گەر بۆی بلوێ – .

٢٩ – گەڵێ جار وا ئەبێ ، پیاو یا ژن ، خەون ئەبینن – هەر جۆرە خەونێ – وەهەر لەو خەونەدا ناو بۆ مندالەکانیان دائەنێن .

٣٠ – گەر بێت‌و ژنێك مندالی راناوەستێ‌و بمرێ‌و بۆ چاوەزار دێن ناوێکی گاورانی لێ‌دەنێن . . !

٣١ – لە ژێر سێبەری رەشوقەتمەری دەرەبەگایەتی‌دا ، ئەوانەی کە سەر بە (ئاغا)ن‌و ماڵی ئاغان ، ناو یا نازناوی تایبەتی خۆیان هەیەو پێی بانگ دەکرێن‌و دەناسرێن ، وەکو :
(سەرکار – دز – ناومال – پاکار – شەقڵچی – کوێخا – میرزا – کارەکەر – نۆبەتدار – سەیس – قاوەچی – گزیر – سەپان – نیشانشکێن – پاسەوان . . .)

٣٢ – لە کوردەواری‌دا ، ناوی (مەلا) دەورێکی گرینگی هەیەو بۆ رێزلێنان‌و گەورەیی بەکاردێ ، ئینجا (شێخ) و (پیر) و (باوە) و (سەیید) . .
ناوی نەوەکانیشیان بە :
(باوەیادگار)و (پیرەسوور)و (مەلازادە) و (شێخ زادە) و (سەییدزادە) ناو ئەبرێن . . هەروا بۆ رێزگرتن (مامۆستا) و (کامەلا) و (یا شێخ) و (مام سەید)و (پیر داود) و (کاسەید)و (کاکە شێخ) بەکار ئەهێنرێ . . .

٣٣ – لە پاڵ ناوی تایبەتی ژنا ، لە کوردەواری‌دا بۆ رێزگرتن‌و میهرو سۆزو خۆشەویستی‌و مەزنی‌ی (پێشبەند)ێك یا (پاشبەند)ێك ئەنێنە ناوەکەوەو بانگی ئەکەن ، یا هەر ئەم پاشبەندو پێشبەندانە – بیلامانێ – ئەبن بە ناوی راستەو خۆی ژنەکە ، وەکو :
(خان – خاتوون – خانم – بانێ – یایە – دایکێ – دا – پلە – باجی – نەنێ – داپیرە – دادە – تاتێ – میمی – ژنخاڵ – ژنمام – ژنبرا – کچخاڵ – دۆتمام – ئامۆژن – خالۆژن – براژن . . .)

٣٤ – هەروا هەمان دیاردە ، بۆ پیاو وبۆ هەمان مەبەستیش بەکاردێ ، وەکو :
(کاك – کاکێ – ئەزبەنی – رۆڵەی مامێ – برالە – باپیرە – مامە – سەیدا – ئەزخولام – خالۆزا – قوربان – گەورەم – کاکی‌برا – ئەفەندی – مامۆستا . . .)

٣٥ – هەر لە کۆنەوە ، ئێستاش کە ئێستایە ، هەندێ لە ئەدیب‌و شاعیرو نووسەرانی کورد ، وازیان لە نازناوی خێڵ‌و ناوچەو رەگەزو پیشەو بەرەباب هێناوەو لەبەر هەر ئەئسیرێك بووبێ – گشتی‌و تایبەتی

– روویان کردۆته جۆره نازناوێکیترو ناوی (خۆیی – زاتی) یان بۆ خۆیان هەڵبژاردوە ، وەکو :

(نالی – کوردی – مەولەوی – کەیفی – قوبادی – حەریق – مەحوی – پیرەمێرد – بێکەس – دڵدار – کامەران . . .)

کەچی ئەوەی جیٚی سەر سورمانە ، ئەم چەشنە ناوانە ، لەنێو ئەدیبو شاعیرانی کورد ، بە شێوەیەکی سەیرو زۆریش تایبەتی لە شاری (هەولێرو) دەوروبەری‌دا تەشەنەی‌کردوە ، وەکو :

(زامدار – هێمن – شێواو – پەرۆش – پەشێو – سەرسام – خەمناك – شەورۆ – هەژار – ئاوارە – ژاکاو – بیٚبەش – برژاو – بێگەرد – هەڵمەت – شارەزا – سووتاو – خەمگین – رەنجبەر – بێنەوا – شۆرش – رەنجوور – رەنجەرۆ – بێخەو هێرش – تاساو – پەریشان . . .)

٣٦ – وا ئەبیٚ ژن لە وڵاتی غەریبایەتی‌دا ، یا لە شوێنێکی ناودارا ، ژان ئەیگریٚو منالّی ئەبیٚ ، ناوی منالّەکە – کوربیٚ یا کچ – بە ناوی ئەو وڵاتو شوێنە ناوئەنریٚ .

وەك : (تورکیا – شنۆ – سوریا – سەردەشت – سەرچنار – بێخالّ . . .تاد)

٣٧ – هەندیٚ ناوی منالّ هەیە بە ناوی گۆرانیبێژو شاعیرو مەلاو شێخان ناو ئەنریٚ .

٣٨ – هەندیٚ ناوی منالّ هەیە ، بە ناوی میوانەوە ناو ئەنریٚ ، گەر لە کاتی ئەو میوانداریەدا ژنی مالّ ژانی گرتو منالّی بوو .

٣٩ – منالّ هەیە – کور یا کچ – ناوی تایبەتی خۆی هەیە ، لە هەمان کاتیشا ، جا بۆ چ مەبەستێك بێت ناوی نهێنیشی هەیە .

٤٠ – لە تەك ئەو خاسیەتەی کە زمانو کۆمەڵی ئێمە لە بنیادنانی (ناو)دا هەیەتی – وەك باسکرا – بەلاّم بە زۆری ، کورد حەز لەو ناوانە دەکا کە بە (وان) و (مان)و (ان) کۆتاییان دیٚ . لەم رەسەنایەتی‌یەشدا ، لە تەك گەڵی لە میللەتانی هیندوئیرانی و ئەوروپی یەك ئەگرێتەوە ، وەکو :

(پالّەوان – مەلەوان – باغەوان – چاوان – شوان – گاوان – کاروان – شاخەوان – قارەمان – پەریخان – خەرامان – پەخشان – گوڵخەندان . . .)

سەرنج :

تا ئێستا ئەو (٤٠) خالاّنەمان باس کرد ، گەر بە وردی لە هەر یەکیٚ لەم دیاردانە بکۆلرێتەوە ، بێگومان ئەبێتە مایەی رەنگرشتنی گەڵی باسو بابەتی وردو لە بارو (قوناغێك – رووداوێك – دیاردەیەك) کیش نیشان‌ئەدات .

ناوو ناتۆرەو بچووكو ساناکردنی ناو لە کوردی‌دا

ناو بچووك‌کردن لە کوردی‌دا – ناوی بێگانەو خۆمالّی – هەر یەکجار باوەو دەروازەیەکی سەراوەڵەی هەیەو هەر لە کۆنی کۆنەوە ، کوردەکە خۆی بە شێوازو رێبازی تایەتیو بە پیٚی گرامەری زمانو هەڵکەوتنی قورگو مەلاّشوو ددانو لێوو فونێتیکەکەی بۆ رسکاندوە ، سەرباری چێژو زەوق جوانکارانەی نەتەوەو زمانەکەی . . ئەمیش لە ریٚی ئامرازی (ۆك) کە بۆ تانەو ریسواکردنەو (ۆکە) کە بۆ خۆشەویستیو میهرەو جار ناجاریش بۆ تەوسە . . (ئەکە)و (ککە) بۆ پتر ناسك‌کردنو جوانی . . (یٚ)یش بۆ زێدە زێدە خۆشەویستی . .

ناوی بچووك کراو ، لەم زمانە شیرینەدا ، وا تێك ئەشکێنریٚو چەرخ ئەدریٚو شیرینو پوخت‌ئەکریٚ – لام وایە – دەگمەنە زۆر ، ئەم دیاردەیە ، بەم شێوە شیرینەی لە زمانێکی‌تردا ، وا چرۆی دەرکردبیٚو گوڵی دابیٚ . .

١ – ناوی ژن ، وەکو :

بهیە = بەهیٚ . بەهە . بەهۆك

حبیبة . حربیە = حەبیٚ . حەبۆ . حەبە . حەربۆ . حەربۆك

رابعە = رابە . رابی . رابۆ . رابۆك

زهرة = زەهیٚ . زەهۆ .زەهە .زەهۆك

کافیە = کافیٚ . کەفۆ . کافە . کەفۆك

آمنە . = ئامە . ئامۆ . ئامیٚ . هەمە . هەمین . ئامۆك

فاطمە = فاتم . فاتە . فاتیٚ . فاتۆ . فیتیٚ . فەتۆك

خدیجە = خەجە . خەجۆ . خەجیٚ . خەجیج . خەدیج . خەجۆك

عائشە = ئایشە . ئایشۆ . ئایشیٚ . ئایشۆك

رمزیە = رەمە . رەمۆ . رەمۆك

زینب = زەنە . زەنۆ . زەینۆ . زەینۆك – زەینەبۆك

مریم = مرە . مرۆ . مەرە . مەرۆ . مەرۆك . . .

وسیلة = وەسە . وەسیٚ . وەسۆ . وەسۆك

٢ – ناوی پیاو ، وەکو :

محمد = حەمە . مەمەد . مەمۆ . مەمەند . مەم . حەمەدۆك . مەمەدۆك

احمد = ئەحە . ئەحمەد .حەمۆ . ئەحمیٚ . ئەحمۆ . ئەحۆك

حسین = حسە . حوسە .حسۆ . حسۆك

عمر = ئۆمەر . عەمیٚ . عەمۆ . هۆمەر . هۆمەرۆك

عثمان = وەسمان . ئۆسۆ . ئۆسیٚ . وەسمانۆك

عبدالرحمن = ئەورەحمان . دەحیٚ . دەحۆ . دەحۆك . رەحمانۆ

محمود = مەحمو . مەحموید . مەحمی . مەحمەوی . مەحۆلە

مەحمودۆك

قادر = قایر. قاله . قادۆ . قەدۆ .قەدۆك .قادرۆك .

فتاح = فەتە . فەتەح . فەتۆ. پەتە . فەتۆك

جمیل - جمال = جەمە . جەمۆ. جمۆ. جەمۆك

اسماعیل = سمە . سیمۆ. سمایل . سمۆك . سمایلوك .سمۆك

معروف = مالە .مالۆ .مەعرف .

مەعریف .مەعرۆ .مالۆك .مەگرووف

علی = عەلە . عەلۆ. عەلك . عەلۆك

جلال = جەلۆ. جەلعوت . جلە . جەلۆك

فاتح = تیحۆ. تیحە . فەتۆ. فەتۆك

رؤوف = ئوفە . رەفۆ. رەپە . رەفۆك

خضر = خدە . خدر . خدۆ. خدێ . خدۆك

ابراهیم = ئیبە . ئیبۆ. ئیباو . برۆ . برایم . برهۆ. ئیبۆك

رسول = سولە . رەسویل . رەسولۆك

رشید = رەشۆ. رەشە . رەشێ .رەشۆك

بکر = بەکۆ. بەکە . بەکۆك . بەکرۆك

شاکر = شەکۆ. شوکە . شەکە . شەکۆك

طلعت = تەلۆ. تەلە . تەعۆ. تەلۆك

رمضان = رەمۆ. رەمە . رەمۆك

یاسین = یاسە . یاسۆ. یاسۆك

کریم = کەرە . کەرۆ . کەرۆك . کەریمۆك

شێخ = شیخۆ. شێخە . شێخۆك

عباس = هەباس . هەباسە . هەباسۆك

فارس = فارە . فارۆ. فەرۆك

فیکرت = فەکە . فیکۆ. فیکۆك

سلیمان = سلە . سەلۆ. سەلۆك

امین = ئەمە . ئەمۆ. ئەمۆك

سیف‌الدین = سەفە . سەیفە . سەیفۆ.سەیفۆك

محی‌الدین = محە .محۆ. محێ . محۆك

شمس‌الدین = شەمسی . شەمسۆ. شەمدین . شەمسۆك

بهاءالدین = بهۆ. بادۆ . بادین . بادۆك .

عبدالله = عەبە . عەبۆ. عەولا .ئەولا .حەولا .عەبۆك

ئەڤدال - ئەودال

فتح‌الله = فەتحۆ. فەتحی . فەتحۆك .فەتۆك

نصرالله = نەسە . نەسرۆ. نەسە . نەسۆك .تاد . .تاد . .

٣ - هەندێ ناوی لێکدراوی وا هەیە - کوردی بێ یا کوردی نەبێ - کورت‌و سووك‌و ساناو بچووك دەکرێ‌و دائەپاچرێ‌و ئەچێتە بال یەکەوە وەکو :

شێخ عبدالله = سێخەڵلا - شێخەوللا - شێخیل

ابو بکر = بابەکر

شێخ حسن = شێخەسەن . شێخ‌هەسەن .شێخ‌حەسۆ

کاك امیر = کاکەمیر . کامیر

کاکە شێخ = کاشێخ
مام عبداللە = مامەڵلا . مامەولاّ . مامعەوڵ
محمدامین = حەمەمین . حەمەدەمین . حەمەومین .
کاك‌عباس = کاکەباس
باجی‌عائشە = باجیایش
حاجی امین = حاجیەمین . حاجی ئەمۆ
کاك نبی = کانەبی . . .

٤ – خۆ هەر وانیە ، کورد تەنیا ، ناوی بێگانە کورت‌و سووك‌و ساناو بچووك بکات‌و بەس ، بەڵکو ناوە رەسەن‌و خۆماڵییەکانی خۆیشی – بە کۆن‌و نوێوە – والێ‌ئەکات‌و ئەبخاتە بەرتەوژمی ئەم دیاردە کۆمەلاّیەتی‌و زمانەوانی‌یە ، بەشێوەیێ مرۆڤ لە بەریا دۆشدا ئەمێنێ‌و حەیرانی ئەبێت . وەکو :
خورشید = خورشی . خورشە . خوشێ . خوشە . قورشید . قوشە
شاناز = شانە . شانێ . شەهۆ
پەریخان = پەخە . پەرۆ . پەرێ . پەریلۆك
شادان = شادە . شادی . شادۆ .
کلاّوزێر = کلاّو
پاکیزە = پەکە . پەکۆ
خەزان = خەزێ . خەزە . خەزۆ
شاسوار = شاسە . شاسۆ
دڵشاد = دڵە . دڵۆ .
پیربالّ = پیرە . پیرۆ
گوڵناز = گوڵە . گوڵێ
جوان = جوکە . جانێ
بەهار = بهۆ . بهە
نەژاد = نەژێ . نەژۆ
هەلاّلە = هەڵە .هەڵۆ
رووناك = روونە . روونێ
ژیان = ژیکە . ژیکۆ
نازەنین = نازە . نازێ . نازناز
ئاواز = ئاوە . ئاڤۆ

٥ – نەك ئەمەو بەس ، بەڵکو هەندێ ناو هەیە ، کە هەر بە یەکجاری لەکوردی‌دا ، ئاداری لە سەر پاداری نامێنی‌و سەروبن ئەکرێت‌و ئەگۆردرێت ، کە خۆی لە خۆی‌دا بارێکی کەی رێزمان‌و زمانی کوردی‌و چێژو زەوقی ئادەمیزادی کورد . سەراوەڵە ئەکاتەوە :

وەکو :
غفور = خەپە
محمود = خولە
یوسف = ووسو
انور = ئەنە
اسماعیل = سمکۆ .سمۆ
مصطفی = مچە . مچۆل .مستیل
فتاح = پەتە . پەتۆ
رحیم = حوتەنە
سلیمان = سیمان . . .
عمر = عونە . عولە

٦ – هەروا دیاردەیەکی تری ناولێنان‌و ناوو ناتۆرە لە کوردستانی ئێمەدا هەیە ، مایەی تێرامانێکی وردە ، ئەمیش پیاو بە ناوی (دایك)ی ناوزەد ئەکرێ . . ئەم دیاردەیە لە هەموو کۆمەڵگەیەکا هەیەو بۆ گەلێ هۆی دیارو ئاشکرا ئەگەڕێتەوە . جا چ لە ئەنجامی رەوتی دایلەکتیکیانەی مێژووەوە بێت ، هەروەك چۆن (باخ‌ئۆفن)ی زانای ئەڵەمانی‌و خاوەنی کتێبی (دایکایەتی) کە لە ساڵی ١٨٦١ دا بلاّوکرایەوە و ئەمەی ساغ کردۆتەوە ولە دایکایەتیەوە دواوەو مەسەلەی پێشکەوتنی (قۆناغی دایکایەتی) سەلماندوە ، کە جاری جاران لەو باوەڕەدابوون کە قۆناغی (باوکایەتی) لە مێژووی بنەماڵەی مرۆڤایەتیدا کۆنترە . .
یا لە ئەنجامی ناوبانگ دەرکردنی (دایك)ەوە بێت جا چ بە ئازایی‌و چ بە کارو پیشەیەك‌و چ بە خراپی‌و بەدناوی . . ئەمەو زۆرجار لە کوردەواری‌دا ، زاراوەی (زگ) مانای (بنەماڵە) یا (بەرە) یا (تیرە) ئەگەیەنێ . . هەروا زاراوەی (زگماك)یش پیوەندی بەزگ‌و هەیەو دەوری (دایك) ئەسەلمێنێ – هەروا ووشەی (زە – زا – زێ) هەمدیس لە کوردی‌دا دەوری دایك دووپات ئەکاتەوەو پێوەندیەکی تەواویشی بە گەشەسەندنی مێژوویی (ژین)و (ژیان) و (ژان) و (ژن)ەوە هەیە . . واتە : لە (زێ)ی دایکەوە ژیان – بە مانا فراوانەکەی – کەوتۆتەوە . . وێنەو شێوەی (زێ)یش یا (روبار) هەر لە شێوەی پزدان‌و رەحمی ژن یا دایکەو مانای تەرایی‌و ئاوەدانی‌و ژیان‌و ژیانەوەو سەوزی ئەبەخشێت ، تا ئێستایش زاراوەی (زاوزێ) و (شفتەزێ) بۆ مێینەی ئادەمزاد بەکار ئەهێنرێت‌و (زێ)ی ئاژەلاّنیش دیارە ، چەند بە کار ئەهێنرێت . . وشەی (خوشکەزا)و (کورەزا) و (خاڵۆزا)و (ئامۆزا) ش هەمدیس نیشانەیە بۆ دەوری (زێ) یا (زا) و لە ئەنجامیشا بۆ دەوری دایکایەتی پزو پزدانیش هەر بەو جۆرە . . . .

هەر لە کوردەواری‌دا . جاری وا هەیە ، گەر دووکەس لە شیرو مەمکی یەك دایکیان خوارد ، پێیان ئەوترێ (هەمشیرە – هاوشیرە) ئەمەیش خۆی لە خۆی‌دا بایەخ بە قۆناغ‌و دەوری (دایکایەتی ئەدات‌و پێشتری ئەخات ، سەرەرای ئەمەیش هەندێ جار – لە کوردەواری‌دا – کور یا (کچ) ئەبێ بە میراتگری خاسیەتی خاڵی خۆی ، ئەمەیش لە ئەنجامی ئەو پێوەندی‌یەی کە لە نێوان ئەوو خاڵ‌و خوشکەزادا هەیە ، کە راستەو راست نیشانەیەکە بۆ دەوری دیاری (دایکایەتی) و ئەنجامێکیشە لە رژێمی کۆنینەی دایکایەتی‌یەوە کەوتۆتەوە ، وەك لە هەندێ ناوی نێو ئەم باسەدا خۆی ئەنوێنێ . بەڵام بە رای خۆم‌و سەرباری ئەم هەموو راستی‌و دیاردانەیش ، وا نیە بیرای بیر مەسەلەی ناولێنانی ئادەمیزاد بە ناوی (دایکی)یەوە ، هەر تەنیا دەوری (دایك)و قۆناغی (دایکایەتی) بسەلمێنێ‌و بەس ، چونکە کۆمەڵ لە گشت قۆناغەکانیدا ، سیستەمێکی کۆمەلایەتی‌یەو گەلێ هۆو رەگەزو بیروباوەری نوێ‌و کۆنیش کاری تێ ئەکات . . بە هەر حاڵ ئەم بابەتە ، بابەتێکی زۆر بایەخدارەو پێداویستیەکی زۆری بە لێکۆڵینەوە هەیە . . نمونەکانیش وەك ئەمانەن :

« ئەمەری خانزاد – خولە گوڵچین – برایمی فاتە – سوارەی ناسکێ – بەکری – خاتە – حەمەی ئایشێ – پیرۆتی زین – خورشەی کلاو– عەبەی فاتە کوێستانی– حوسەی – ئامەموکریانی – جەمەی هەیبەتی گەرمیانی – حسەی حەلاو – بەکوێ خامە – مچەی عەیشێ – رەپەی خەجە کوڕ – عەزەی خەجەکەچەڵ – قالەی باجی پیرۆز – ئەحەی پوورە ئایشە – علی ئەسمەر – خولەپیزە – حەمەی چوار خاتوونە – عەبێ خازە – عەلەعەمبەر – عەبۆی‌خەرامان – کریمی‌عاسە – عزیزی حاجی فاتم – علی شەونم – رەفەی ئامە – مالەی – حەپسە – ئەحەی فەتحیە – وسوی پوورەیحان – عەلی‌بێ مەدینایێ – قادری ناجی‌یایێ – عەمێ گوزێ – قاسمی حەبۆ – حەیدەری زبە – ئەکەی مریەم – قادری فاتەکە – عەلۆی ناجیە – ئەحمەدی فاتمە رەشێ – فریادی لەعلی – محەی بەگیسی – عەزیزی حەمرایێ – محمدی پلێ– چەتۆی مینا – عەزۆی ئەستێ – ئەحەی شیرین . . .»

٧ – ناوو نازناوی بنەماڵەو (بەرەباب) وەکو :

بەرەی زێڕین	ماڵا توتێ
بەرەی مرۆت	ماڵا شێتێ
بەرەی کاکەخانی	ماڵا برسی‌بەگێ
بەرەی شەم	ماڵا سینەمی
بەرەی خەندان	ماڵا شەهنازێ
بەرەی فەرحاناغا	ماڵا خەندێ

٨ – هەروا چ بۆ تەوس بێ ، چ بۆ ناوبانگ‌و چ بۆ جوانی‌و بۆ ناتۆرە ، ژن بە ناوی مێردی‌یەوە ناوزەد ئەکرێ ، ئەمەیش هەمدیس قۆناغێکی کەی کۆمەلایەتیان بۆ دەس‌نیشان ئەکات . وەکو .

حەلیمەی قاسمی
عەیشێ‌ی محمدی
سەلیمەی عەلۆ
گوڵەی عەلۆلووله
سەبەی حەمەی کلاوترن
زبەی خەلە
بەدەی حەمە جان
فاتەی حەمە سوور
مەیانەی عەلی بەگێ

٩ – هەروا مێرد یا پیاو بە شێوەیەکی گشتی) هەر بۆ هەمان مەبەست ، بە ناوی ئافرەت یا ژنی‌یەوە ، ناو ئەبرێ بە تایبەتی گەر کەسایەتی ژنەکە ناودارترو بەهێزتر بوو ، پیاوەکەیش کەساس‌و بێکارو بێ نموودو لاورگە بوو . بەڵام ئەم دیاردەیە لە کوردەواری‌دا زۆر کەمە . وەکو :

بلەی شووکە قژێژ
جلەی زبەی دان جیڕ
خولەی کاڵێ
محۆی جەمیلە
عەبۆی عەیشێ
ئەحەی زێبا
عەلەی مینا
مچەی قەدە

١٠ – هەروا وا ئەبێ ، گەلێ جار ناوی (دایك) یَکی دیار ، ئەبێ بە ناوێکی (گشتی) بۆ سەرجەمی بەرەباب‌و تیرەیێکی فراوان‌و ئەکشێتە سەرناوی هەموویان ، هەر لە (خەسوو) و (بووك) و (خاڵ)و (مام ەوە بگرە ، تا (خەزوور) و (پووزرا) و (ئامۆزا) و (خوازرا) و (کورەزا) و (کچەزا) و (کورەزازا) و (کچەزازا) . . . وەکو .

عەلەی رەندان
حەبەی رەندان
حەمەی رەندان
فاتەی رەندان . . . تاد
فاتمی خەزالێ
حەمەدی خەزالێ
واحیدی خەزالێ

شانەی خەزالیٚ . . . تاد

سەرباری ئەمانەیش‌و سەرباری ئەوەیش کە هەریەکیٚ بە ناوی (باوکی) – بەتیکرایی – ناوزەد ئەکریٚت ، ئینجا (دایکی) . . بەلاٚم زۆر ناوی کە هەیە ، لەم دیاردە کۆمەلایەتی‌یە بە دەرە ، وەك لە پیٚشەوە باسمان لیٚ‌کردن . .

١١ – بۆفشە پیٚکردن‌و تەوس‌و لاقرتیٚ‌و گەمەو پیکەنین وناوروناتۆرەو بانگاشەو وەرزی ئاژن کردن . وەك سیفەتیك (نازناو وناوروناتۆرە) ئەکەویتە شوٚین ناوی پیاو یاژنەوەو زۆریش چاوەدیٚری ئیقاع لە هەلبژاردنی ناو ناتۆرەدا ئەکریت ، ئەم ناوو سیفەتانەیش زۆر زۆر باون‌و زۆریش بە کار ئەهیٚنریٚن . لام وایەدینەمۆی ئەم دیاردەیە ، بە شیٚوەیەکی تایبەتی نەك گشتی ، شاری سلیٚمانی وفابریقەی سلیٚمانی‌یە ئینجا کۆیەو سابلاخ‌و ئامیٚدی وەکو :

عەولاٚمیترۆ – خەجەبرنۆ – عەولاٚقیمەرۆ – ئەحەی شاخاتوون – سەلەبەرك – نا لە رەشبەلٚەك – مەلای چاومار – عەلو نیٚرەکەو – حەمەی سەدۆی گۆل‌کوت – ئەحە گەلٚە – ئەحە کەلە – قالە قەوچەلٚ – عەزەی کیٚرپیمەرە – ئەحمەدیٚ کتکخۆر – حەسەن پونگیٚ – مستەفا چرو – سالح حەشاندی – فارسیٚ قونخوار – عەبۆیی قۆپ – مرادی قرۆت – حلیفە کەرزل – سالٚح سیفۆن – عەلۆکە جوو – ئایشە فشە – حەمۆی تەبعی جووعەلی – حەسەن نەبی کالٚك – رەحە چیکەنە – بلە قرمز – ئەحمەد شەقویۆق – بەخەی قوون‌نزیکە عاردی – کەریم شقارتە – مچە پاکیٚت – ئەحمەد شەیتان – مینە زەنگیانە – خاتەکەل – عومەرکلاٚولار – فەتحۆی کشتەکان – عەزەتەورە – قادر برسی – عەمۆ دوولوولە – فاتەی تەلٚەمشك – ئەحە شەشە – سەبە لاسوتاو – جەمەل رەشە جەنجەر – فاتیٚ جووجك – قالە شیٚرە– فارەکیٚشکە– بلە قۆز– قالە قوراوی– بلەی سەعەکەر –محمدی تەتکەبز – شیٚرە دوویی –ئەحمەدی قوون خر –محمدی گوورەش– فەزۆ جاندار –ونس جۆخۆر – قالە کەرویٚشك –ئەحە کەرکوژ– سعید گچکەلٚ –خدۆ جانگشاش –عەولٚا عەریج –رەشەگیٚل –حەمە خیٚل –قەتە چەتە –حەمە حوسنی –دەرویٚش ترۆزی –حەمەدی دەرپی‌کەوە –حاجی قالەی یەکشەوە –حەمەی کەواکۆلٚ –رەشە تۆلٚە– رەسول رەفتە– بەباسەدە نویٚژ– سەلە سیٚ خەت– واحید یالٚشۆر –فاتە قەمەرە –خلە شۆربا – سەبەکورانی –سەعی قەرەبالٚغ –مەمۆ موخە– ئیسحاقە گولٚە –ئەحە زورووف –کەرە چل دەم –عەولا کەوحیز –سیدتاوە –فرج ئۆپلٚ –عەلەی لیٚفەحیٚز –عەبە کەلٚەك –حاجی خرۆشیف –مەلاعرووس –جەمە جاشکە –کریمی قنگ قولٚاب –حاجی کەلٚەباب –مام بارۆکە –جامەی حەمەسیٚو –حاجی بیتاقە –فەرەجەکونج –عەدۆ دانسەگ –ئەحەی جاو– پیاوە بجکۆلٚەکە– شاسەکەللە –حەلەی ناوساجی –کەریمیکەوە –فاتە تەماتە– حەمەئاسن –عەبەبەشان –ئامەلۆری– حسە ئەسکیمۆ –خەلەی دوودەبانچە– عزیزفیتك –سالٚە سییك– محە کادیر –حەسۆ گووشل –وەسمان تربەروو– مەحەی تربریٚشك –رەسولٚە قوتکە– عەزۆ بەراز –فاتە بەلاش –عەلۆ قەزادار– خدەی ئەردەشەن –محە حووت – عەلە نیٚرباز – خولە بۆر – عەزەلوولوو – عەبۆپاپان – ئەحەیدەتیٚ – مەنیجەکویٚر – عەلەی لوولەرووت –خەجەگووکر– مجەبالە –شیٚخ کشمیش –خولە چەخماخە –قالەی دەواردریٚژ –حەمە –شاپەسەن –شەفەبەمبە– مالەتریشقە –عەبۆی حەلەدیٚوە –خولەکەشکۆلٚ –سەعیدي دایەنەکە –فەرەجەریٚچکە–عەلەگنە–سەدەی گویٚ تاکەکلاٚش –عەولٚە سیس –عەبەی سیسارك – سەدەی گویٚ تلکەکلاٚش – عەبەل سیسارك سەر– فەتەی قرژالٚدەس –مجەی بەرزامل –جلە گونە –مەنیج بەربووك –ئامە مۆریٚ –بلەکوولەکە – عەلیەقەنقاریٚ – مصطفیلٚیخەچوەسیٚ – شەعبانیعیرکە – سەعەی – سەگەوان – ئوسفیٚحەساریٚ–فاتمی چەقاوەسوو –هەمین دندن –ئیبۆ قوون چەور –حاجی مەنجەلٚ– وسو لاتر –رۆستەم مەسینە –قادر رۆژباش –عەزە داماو –عەزە بازە رەحە قیرتاو –عەزیزقاپقاپ –ئامەی چاوماد –مەلا گندۆرە – حەمەرەق –عەبەی سنگ داچەقاو –عەمە جنۆکە– سپلٚحە مشکە –ئەحە قاژوو –ئایشەی بن توەکە –حمید رەشاش– مامەکورنو –حەمە دەمە –عەلەسمیٚل–فەریقە کویٚر –سالە شیٚت– مالەی کولٚەشین –سمایلي سەرما بردوو –جەمە چەقالە –سمایلی سەبیل –سمەفینیش –عەلە بسم اللە –عەبە گاور – ئەحە دۆرانی– عەلیەورگە –مودیرە سوورە –کەریمی باری تعالی –عەبەشەکەنە –عەلیەورگە –مودیرە – مچە گویٚ رووت –عەبەکەوە –نۆزدەی هار – عەبەمیاو –حەمەی بلویٚرژەنی جادوو –عەزە شەل –کەریمەرەش –عەلەی شەیتان بیٚزی –رەحە حیلکە –شیخە شەل– شوکری پەریٚشان –دکتۆر شۆ– عەلیەقوونە– جەمەی ناسکەرەش– عەبەقامیش –عەبۆ عەرەبانە –سەلام بیٚموو –محەی هیٚلکەکەر– ئەحەی قوون بەتۆز – سمە قۆپچە – خدەبیٚکراس – حەمسە تەنەکە – عەزەبۆریٚ – جلە گورگە – عەلیەتەگە – عەزەی بامیەمل – عەبەخرە – پیرەترە – عەلەکچانی – شامەیحەیی – کشمیش – ئەخمەدیٚچورچە – مارفی شان بە گوو – قادری قوون سعات – سەنەی کەنوزگك – ئایشەی شەروالٚ

ئاوبردی – دکتۆربشیر – بکر سوندس – کاوس تاوس –سلیم سیّ تەنگە (۱۲ سوارە) ...)

سەرنج :

هەر یەك لەم ناوانە ویا ئەم ناوو ناتۆرەو نازناوانە حیکایەتێکی خۆی هەیەو هەر یەکەی لەمانە مایەی پێکەنینێکی دڵتەزێنە یا خە مێکیقوڵ‌و یامایەی واق ورمان ..و ..و ..و .

۱۲ – هەروا بۆ خۆشەویستی‌و شیرین‌کرونی ناوو ئاسان‌کرونی برگەکانی ووشەو سەرەرای تەوس‌و توانج تێگرتن‌و جگەلە بەخشینی مانایەکی تازەو جوان‌و بە تام ئەم کوردەی ئێمە لەم بوارەدا چەشنێکی تری هەیە .. وەکو :

شانیّ = شن شن

هەنار = هن‌هن

شوان = شوشو

جوان = جو جو

شاخەوان = شاخ‌شاخ

دلێر = دڵ‌دڵ

هۆشەنگ – هۆشیار = هۆش هۆش

ئارام – ئاراش = ئار ئار

بارام = بار بار

نازدار = ناز ناز

بەختیار = بەخ‌بەخ

کنێر = کن‌کن

شیرین = شیرشیر

هەڵۆ = هەڵ‌هەڵ

نازەنین = نەزنەز

ئاری = ئەر ئەر

مەریوان = مەرمەر

ئاشتی = ئاش‌ئاش

سەربەست = سەرسەر

خانیّ = خەن‌خەن

ئازاد = ئەزئەز

ئاواز = ئەو ئەو . . .

– ناوی کۆن‌و تازەی گاورەکانی کوردستان –

۱ – ناوی کۆن‌و رەسن وەکو : سەنحاریب – ئاشوور – (ئیرمیا – ئەشعیا – ئەفرام – بنیامین – گۆرگیس – زادۆق – سلێوە – حەننا – دانیاڵ – داود – زکریا – شەمعون – میخائیل – یعقوب – لۆقا – بۆیا – دنخە – جۆرج – کاترینا – ئیلیاس – تۆبیا – سەرگۆن – سەرسەم – هورمز . . .)

۲ – ناوی کوردی‌و عەرەبی گاورەکان :

(شاکر – ئازاد – سامی – حمید – جمیل – ودیع – رزگار – جوان – پەری – شاخەوان – باهرة – سالمة – هیوا – دیاری – سەربەست – نەسرین – گوڵاڵە . . .)

۳ – ناوی نویّی نێرومیّی ئاوروپایی ، گاورەکانی کوردستان ، وەکو : (باسیلیۆس – ئەلفرێد – فێرجین – فیلیپ – ناپلیۆن – ویلیەم – ئۆگستین – ئەستیڤان – جانێت – ئەدمۆن – ماری – جلبەرت – ئەمیل – پۆلس – ئەلبێر . . .)

٤ – سەرباری ئەوەی کە هەر لە کۆنەوە ، گاورەکانی لای خۆمان ، گەڵێ ناوی عەجەمی‌و کوردیان بۆ ناوەکانیان هەڵبژاردوە ، هەروایش لە مەسەلەی ناوبچووك کردنیشا ، پێرەوی شێوازی زمانی کوردی‌و کۆمەڵی کوردستانیان کردوە لەم لایەنەوە ، وەکو :

عبدالله = عەبۆ

رحیم = رەحۆ

نعیم = نەعمۆ

محمد = مەمۆ

دانیالّ = دانۆ

پەخشان = پەخۆ

دڵشاد = دڵۆ

ئیزەریا = ئیزۆ

شێرزاد = شێرۆ

ئەقین = ئەقۆ

ئەپریم = ئەپرۆ . . .

سەرچاوەکان

* – قواعد اللغة الکردیة (ج –۱–۲) توفیق وهبی
* – ناوی کوردی – علاءالدین سجادی
* – ناوی کچ‌و کورانی کوردی – گیوی موکریانی
* – ناوی کوردی نویّ – هوشیار قەفتان
* – رێزمانی کوردی – نوری علی أمین
* – ناو لە زمانی کوردی‌دا – دکتور ئەورەحمانی حاجی مارف
* – فەرهەنگە کوردیەکان
* – هەندێك بیرورا دەربارەی بناخەی مێژوویی زمانی کوردی –

دکتۆر جمال رشید (دەسنووس)

- دانیشتنێك لەگەڵ مام هێمن و مامۆستا عولەما
- سەرو سۆراخ لە (گەرمیان و خۆشناوەتی و بادینان)
- الاعلام العربیة - الدکتور ابراهیم السامرائی
- مجلة الأجیال - العدد (٢) ١٩٨٠

سەرنج

نوێشکی ئەم باسە لە ژمارە (٣٢ - ٣٣)ی گۆڤاری رۆژی کوردستان ساڵی ١٩٧٥ - بڵاوکرایەوە هەروا لە سێ کۆڕی (بەغدا) و (هەولێر) و (دهۆك) دا پێشکەش کرا.

١ - دوکتۆر جمال رشید لەو باوەڕەدایە کە: (ووشەو ناوی (میرزا - میرزاد) لە بنچدا لە خوای میهرا (میترا) کە رووناکی سەرلەبەیانی و سەرچاوەی ژیانو زانیاری و پەیمان بووە. کەوتۆتەوە. هەروا ناوی (جوامێر - جوان میهر) بە واتای: خۆشەویستی خوای میهرا)لە کوردیدا ماوەتەوە. سەرباری ووشەی (میهرجان) ولەهیندیشدا (میهراجا) ماوەتەوە، کە نیشانەی چینێکی باڵای کۆمەڵە... هەروا وشەی (میهر - میر) دەرەبەگەکان بۆ خۆیان بە کاریان هێناوە، وەك: (میهری میهران - میری میران).

٢ - دوکتۆر جمال رشید - لە لێکۆڵینەوە دەسنووسەکەیدا - دەڵێ:

(ناهید یا ناهیدە)ش دەگەڕێتەوە سەر خوای (ئەناهیتا) واتە: خودای ئەستێرەی زوهرە، کە لە پاشا بوو بە (ئەناهید - ناهیذ).. لە دوایدا لە زمانی کوردیدا لە شێوەی (ناهید) چەسپی بۆ ناونانی کچانو ئافرەتان. لە زمانی سۆمەریشدا بەرامبەر بە ناوی (ئەنەهیتا) ناوی (ئینانا - ئینینی) کە لە شێوەی (ئان - کەیبانووی ئاسمان) لە هەندێ تێکستدا بەرچاو ئەکەوێ، کە ئەویش عەشتاری بابیلیە، کە لە دوایێدا لە عەرەبیدا. بوو بە (العزی - الزهرة) ئەم خووایەش هەر وەکو ئەرکی خودای (تەموزی - دەموزی) ئەرکی هەبووە.

دوکتۆر جمال لەو بروایەدایە کە: ناوی (مەهاباد)ی کوردی دەربڕینێکە لەو ئاواییەی خودای مەزن (ئاهورا) وەیا (ئاسورا).. چونکە وشەی (مەها) لە هیندیدا، واتای (مەزن) دەگەیێنێت، کەلەوشەی (مەهاتما) شدا بەرچاو دەکەوێ، واتە: (گیانی مەزم).

٤ - د. جمال لەو باوەڕەدایە کە: گەلێ ناو هەیە لە کوردیدا، ناوی تۆپۆنۆمیکی (ناوی جوگرافی)و ئەتنۆنۆمیکی (ناوی نەتەوەوهۆز) و ئەنۆماستیکی (ناوی تایبەتی)ی هەیەو هەر بە شێوەی کۆن پارێزراوە. زووربەی زۆری خێڵی کوردەواری. ناوی کوردی خۆی پاراستووەو کاریگەری عەرەبی وتورکی ئارامی و ئەرمەنی تێدا نەبووە، وەك خێڵی: (دیڤۆ سینۆ - رەشکوتا - سینیکا - ئالکا - میهرکان - مەندکان - هەسکان - چیلکان - سیلڤانا - هەڤیر...)

٥ - د. جمال رشید هەمدیس لەو باوەڕەدایە کە: هەندێ ناو هەن لە بنچدا، لە ناوی کۆنە خوایەکانەوە - لە کوردیدا - وەرگیراوە. (بۆران - بۆریان)یش کە ناوی کچانی کوردە، لە (بوریاش - خوای باووبۆران) وەرگیراوە، کە کاشیەکان بە کاریان هێناوە.

شوارتەکان بە کۆنترین دەستەی موسوڵمانان دادەنرێن کە خاوەنی بیروباوەڕی سەربەخۆی خۆیان بوونو ئەو بایەخەشی کەپیان دەدرێ پەیوەندی بە گفتوگۆو بۆچوونیانە بەرامبەر بەو خەلیفەیەی کە دەبێ خەلیفایەتی موسوڵمانان بکاتو ئەم راستیەشیان خۆ ئەگەر لە رووە ئاینیەکەیانەوە پەیدابووبێ یاخود لە رەفتادا سەری هەڵدابێ بەشێکە لە پێشکەوتووی لایەنی باوەڕ.. بەڵام لایەنە مێژوویەکەیان ئەوەبوو کە ئیمپراتۆریەتی موسوڵمانیان لە دوو ساڵی دوایی سەردەمی خەلافەتی علی تێکداو بێ ئەوەی کە هیچ یارمەتیەکی معاویەش بدەن بوونە هۆی سەرکەوتنی معاویەو دووبارە بزوتنەوەکەشیان بووە هۆی تەختکردنی رێگە بۆ عەباسیەکان کە دژی ئەمەویەکان گرتبوویانو زۆر جاریش توانیویانە بۆ ماوەیەك دەست بەسەر چەند وڵاتێکدا بگرن[1].

بەرای ئێمەش درووستبوونی پارتی شورات ئەنجامی جووڵانەوەکانی دەزگاکانی دەوڵەتبوو.. ئەم جووڵانەوانە ئەوانە بەرەنگاریان وەستان کە هەمە جۆر چەوسێنراوەبوونو بەشی هەرەزۆری موسوڵمانانبوونو ئەم بەرەنگار راوەستانەش بووە هۆی ئەوەی پەیدابوونی شەپۆلێکی سیاسی لەناو کۆمەڵدا بەڵام لایەنە ئاینیەکە بەهێزترین سەر چاوەی تەقیوو فراوانی کە لە ناو دەوارنشینەکاندابوو بزوتنەوەی شۆرشگێری شوراتەکانبوو.. ئەم بەرەنگاروەستانو شۆرشەش کە